چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ٦

## پۆلی شەشەمی بنەڕەتی
## کتێبی قوتابی

ئامادەکردنی

عبيد خضر فتح الله　　عبدالله رشيد حسن　　جمال عمر عبدالله

د.نبيل فتحى حسين　　عـمـر علي شريف　　يوسف عثمان حمـد

كاوه عـمـر حـمـد

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاسەوە تێبینی و پێشنیارەکانتان دەربارەی ئەم کتێبە لە ڕێگەی ئیمێڵی: bgprogram@moe.gov.krd وەردەگرێت

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم پرۆگرامە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣٤٨) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٠) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

سەرپەرشتیاری زانستی چاپ: کاوە عمر حمد
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پیرداود کواز - ئاری محسن أحمد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕەوەند سعید صابر
ژمارەی سپاردن:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم | ٢٠١٩ زاینی | ١٤٤٠ کۆچی | ٢٧١٩ کوردی



# کوردستان

## نیشتیمانی ئاسایش و دڵنیایی

## ■ هۆکارەکانی خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی: ■

لە کاتێکدا کە ئێمەی کوردستانی بە تامەزرۆییەوە باسی گرنگی کارامەیی و بەهاکان لە بونیادنانی داهاتووی گەلەکەمان و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەسایەتی منداڵان دەکەین، لە سەردەمێکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین کە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بەبێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانکاریکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی بابەتێکی نوێ زیاد بکات، لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئامادەکردن و خوێندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

- داواکاری کۆمەڵگەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن بە مەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنی بە بنەماکانی مرۆڤایەتی.
- جێبەجێکردنی دیدگای هەرێمی کوردستان، لە پێناو تواناداركردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمکە مرۆڤایەتی و دیموکراتییەکان.
- یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەهاکانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و ڕەوشتی نەوەکانی داهاتوو، واتە داڕشتنی کەسایەتی نەوەی دواڕۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەکۆیکار، بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بکات.

بە لە بەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) بە ناوی ((فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقیا)).

کاوە عمر حمد
بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.



# پێشەکی

کاتێـک پرۆگرامـەکان کەرەسـتەی گۆڕانکارییەکانـی پـەروەردە و ئامانجـی سەرخسـتنی پەروەردەیەکی دروستە، ئـەوا پرۆگرامـەکان لـە خەسڵەتی تایبەتـی و گشـتییدا زانستێکە ڕێسا وچەمکی خـۆی هەیـە.

هەوڵـدرا بـە پلانێکـی تۆکمـە هەمـوو گۆڕانکارییەکانـی پرۆگرامـەکان لـە بەرژەوەنـدی تاکێکی تەندروست بێت هاوتەریب لەگـەڵ پرۆسـەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەڵایەتـی ئابـووری بـە لەبەرچـاو گرتنـی تایبەتمەنـدی کولـتوور و ڕۆشـنبیری لە ژێـر ڕەهەندەکانی نیشـتیمان و ئاشـتی جیهانـی.

لـە سـەرەتادا ئـەم هەوڵـە فێربوونـە دەربـارەی پەیڕەوکردنـی کارامەیـی و بەهـا و چەمکە کۆمەڵایەتییـەکان. هەوڵـدرا شـێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنیـن زیاتـر بـوار بـە خـودی منداڵ بدرێـت لـە ڕێگـەی تێگەیشـتن و وەرگرتـن و جێبەجێکردنـی کارامەیـی و بەهـا و زانستە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەوان خۆیـان لـە ڕەفتاریانـدا پێشـەنگی گۆڕانکارییـەکان بـن بەهـۆی تاقیکردنـەوەی چالاکییـەکان و وروژاندنـی پرسـیاری کۆزانیـاری و پـڕۆژە هاوبەشـەی نێـوان خۆیـان. لـە ڕێگـەی بابەتەکانـی ئـەم کتێبـەوە دیـدی تایبـەت بـە خۆیـان هەبێـت بـۆ ئاینـدە و سـەرکردایەتی گۆڕانکارییـەکان بکـەن.

**مامۆستای بەڕێز:** ئـەم پرۆگرامـە بـۆ تاقیکردنـەوە نییـە، ئامانجـی فێربوون لـەم پرۆگرامە ئەوەیـە قوتابیـان کاراکتـەری سـەرەکی بابەتەکانـن لـە ڕێگـەی چالاکـی و بیرکردنـەوە و گفتوگۆکـردن و ڕاهێنانـەوە، بـا خۆیـان سەرپشـک بـن لـە چۆنیەتـی ئەنجامدانـی. کاری

بەڕێزتـان بەشداریكردنە لـە ڕێگـەی سەرپەرشـتیكردن و دابەشكردنی ڕۆڵە سـەرەكییەكان لـە كات و چالاكییەكانـدا.

**دایک و باوکی بەڕێز:** ئـەم پرۆگرامـە ڕۆڵـی ئێـوە كارا دەكات چـۆن ئێـوە بەشـێكن لـە بەرەوپێشـبردنی كارامەیـی و بەهـاكان بەشـداربن لـە چالاكـی و وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە بوێرانـەی كـە منداڵەكانتـان لەگەڵتـان هاوبـەش دەبـن.

**قوتابیانی بەڕێز:** ئەمـە هەوڵێكـە بـۆ چالاكبوونـی توانـاكان و كارامەییـە خودییەكان،كـە خـۆت بەشـێک بیت لـە گۆڕانكارییـەكان بـە گیانێكـی سـەركردە تێڕوانینـەكان بـۆ ئاینـدە بەرنامەڕێـژ بكەیـت، سـەرجەم چالاكییـەكان كاری ڕۆژانـەی تۆیـە كـە لـەم پرۆگرامـە خراوەتـە ڕوو بۆیـە ئاراسـتەی هەمـوو تێگەیشـتنەكان لـە چالاكییـەكان لـە بیركردنـەوەی تۆدایـە تەنهـا كاری ئێمـە ڕێكخسـتن بـووە بـە پێـی كات و شـوێنی پێگەیشـتنی هـزر و بیـری تـۆی بەڕێـز.

بێگومـان لـە كاتـی جێبەجێكردنـی ئەم پرۆگرامـەدا ڕووبەڕووی كۆمەڵێک گرفت دەبینەوە، بـەڵام بـە هاوكاریـی هەمـوو لایـەک هەوڵدەدرێت هەمـوو شـتێک لـە بەرژەوەنـدی منداڵ بێـت و هەرخـۆی چەقـی فێربوونـی گۆڕانكارییـەكان بێـت، چونكـە ئـەم پرۆگرامـە بـە پێـی پێوەرەكانـی بەڵگەنامـەی پرۆگرامـەوە ئەنجامدراوە.

**ئامادەكاران**

## ناوەڕۆک

### هاوولاتیبوون (جیهان)


| وانە | | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| من و جیهان | ............................................................ | ١٢ |
| ناسینی جیهان | ............................................................ | ١٦ |
| جیهان و ئاشتی | ............................................................ | ٢٠ |
| جیهان بۆ هەمووان | ............................................................ | ٢٤ |


### مافەکان (تایبەتمەندی)


| وانە | | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| چەمکی تایبەتمەندی | ................................................. | ٣٠ |
| جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسی | .............................................. | ٣٤ |
| تایبەتمەندی و ڕاگەیاندن | ................................................ | ٣٨ |
| پاراستنی تایبەتمەندی | ................................................ | ٤٢ |

## کارامەییەکان (کارامەیی چارەسەرکردنی کێشەکان)


| وانە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| چەمکی چارەسەرکردنی کێشەکان ........................................ | ٤٨ |
| هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان .................................. | ٥٢ |
| بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان .................................. | ٥٦ |
| کێشەکان و کاری بە کۆمەڵ ........................................ | ٦٠ |


## بەهاکان (بەها کۆمەڵایەتییەکان)


| وانە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| هاوکاریکردن .................................................. | ٦٦ |
| بەشداریکردن .................................................. | ٧٠ |
| گونجان ...................................................... | ٧٤ |
| داهێنان ...................................................... | ٧٨ |

# بەشی یەکەم    هاوولاتیبوون (جیهان)

## یەکەی

١ من و جیهان

٢ ناسینی جیهان

٣ جیهان و ئاشتی

٤ جیهان بۆ هەمووان

### زاراوە

- زمانە زیندووەکان
- بەزەیی
- زمانی دایک
- لێکتێگەیشتن
- وزەی پاک

ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

## ئامانجی بەش

١- قوتابی هەست دەکات ئەو بەشێکە لە جیهانێکی گەورە.

٢- بەدەستهێنانی چەند زانیارییەک دەربارەی چەند وڵاتێک.

٣- فێری ئەوە دەبێت کە جیهان پێویستی بە ئاشتیی و ئارامییە.

٤- دەزانێت ئاشتیی لە جیهاندا بۆ منداڵ گرنگە.

٥- فێری چەمکی پێکەوەژیانی نێوان شارستانێتییەکان دەبێت.

٦- چەمکە جیهانییەکانی وەکو جیهانگیری و کۆچکردن و بێکاریی تێدەگات.

٧- بەراوورد لە نێوان کوردستان و وڵاتانی جیهان لە چەند ڕوویەکەوە دەکات.

## یەکەی یەکەم   من و جیهان

### بیرۆکەی سەرەکی

من لە نێو کۆمەڵگەیەک لە دایکبووم، کە بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی گەورەتر کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لە چەندین نەتەوە و کۆمەڵگەی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتووە، هەریەکە کولتوور و شارستانییەتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

### چالاکیی ناو پۆل ١

بۆ ئەوەی کولتووری خەڵکی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان پارێزراو بێت وەزارەتی پەروەردە ڕۆژی (١٠) ی مانگی ئاداری هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی جلوبەرگی نەتەوەیی دیاریکردووە، چۆن دەتوانین هەر یەکێک لە ئێمە هاوکاریی بین لە پاراستنی کولتووری خۆمان. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لە سەر ئەم بابەتە بکەن.

### چالاکیی ناو پۆل ٢

لە جیهان دوو گرووپی جیاواز هەن، گرووپێکیان بە بارێکی نەرێنی کاردەکەن، گرووپێکی تر بە باری ئەرێنی، هەردوو گرووپەکە بەرامبەر بەیەک کاردەکەن بۆ ئەوەی بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ بێت. بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆڵمان هەبێت لە گۆڕینی هاوکێشەکە بە باری ئەرێنی، پێویستە چ کارێک ئەنجام بدەین. ئەم بابەتە بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ بکەن.

### ئایا دەزانی؟

جگە لە گەلی کوردستان چەندین نەتەوەی تر لە سەر ئاستی جیهان لە یەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆز ئاهەنگ دەگێڕن و بە سەری ساڵی خۆیان دەزانن؟

## له بیرت بێت

لــه جیهانــدا زمانــی چینــی بــه پلــەی یەکــەم دێت وەکــو زمانــی دایــک، کــە زۆرتریــن کــەس قسەی پــێ دەکــەن، ئێمــەش لەســەرمان پێویســتە بــەردەوام گرنگــی بــە زمانــی دایــک بدەیــن بــۆ ئــەوەی ناســنامەکەمان پارێــزراو بێــت و یەکێــک بێــت لــە زمانــە زیندووەکانــی جیهــان.

## بەهێزکردنی زانیاری

هاوولاتیبوونــی جیهانــی بــە مانــای ئــەوەی مــرۆڤ جگە لە بەهــا کۆمەڵایەتــی و ئاکارییەکانــی وڵاتەکەی خــۆی، پابەنــدی بەهــا کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ڕۆشــنبیری و ئاکاریــی و ئایینیــە جیهانییەکانیــش دەبێــت، ڕێــز لــە مرۆڤبوونــی هەمــوو مرۆڤێــک و بیروبــاوەڕ و ڕەگــەز و نەتــەوە و ئایینەکانــی دیکــەش دەگرێــت، هەمــوو جیهانــی خۆشــدەوێت و خــۆی بەبەشــێک لــەم گەردوونــە دەزانێــت.

١ **بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان:** وەکــو ئازایەتــی، پارێزگاریکــردن لــە مافەکانــی خەڵکــی تــر و میواندۆســتی، ڕێزگرتــن لــە جیاوازیــی و یەکتــر قبووڵکردن...هتــد.

٢ **بەها سیاسییەکان:** وەکو دیموکراسی، دادپەروەری و ئازادی...هتد.

٣ **بەها ڕۆشنبیرییەکان:** وەکو وەرزش، هونەر، ڕاگەیاندن و گەشتوگوزار...هتد.

٤ **بەهــا ئاکاریــی و ئایینیــەکان:** وەکــو سوپاســگوزاری، بەزەیــی و ئارامگرتــن و یارمەتیــدان و هاوئازاریی...هتــد.

## چالاكیی ماڵەوە ١

بە گەڕان لە سەرچاوەكانی زانیاری و بە هاوكاریی كەسێک لە ئەندامانی خێزانەكەت، پێنج جۆرە جلوبەرگی نەتەوە جیاوازەكانی جیهان بە وێنە كۆبكەرەوە، دواتر لە ناو پۆل نمایشی بكە.

## چالاكیی ماڵەوە ٢

بە گەڕان لە سەرچاوەكانی زانیاری و بە هاوكاریی كەسێک لە ئەندامانی خێزانەكەت ناوی سێ لەو زمانانە بنووسە، كەوا زۆرترین كەس قسەی پێ دەكەن وەكو زمانی دایک، هەروەها ناوی سێ لەو زمانانە بنووسە كەوا زۆرترین كەس لەسەر ئاستی جیهان دەیزانن و قسەی پێ دەكەن.

## نەتەوە یەكگرتووەكان

نەتەوە یەكگرتووەكان ڕۆژی ( ٢١ ) ی شوباتی هەموو ساڵێكی بە ڕۆژی زمانی دایک دیاریكردووە، ئامانج لەم ڕۆژە هاوكاریكردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و كولتوورەكانە.

## سەرنجدان

به سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم دەردەکەوێت چەندین جۆری ساڵنامە هەیە، ئەمەش زانیاریم زیاد دەکات و ئاشنا دەبم بە مێژووی چەندین نەتەوە و ئایینزایەک:



سەری ساڵی کوردی



سەری ساڵی ئێزیدی



سەری ساڵی کۆچی



سەری ساڵی زایینی

## یەکەی دووەم | ناسینی جیهان

### بیرۆکەی سەرەکی

ئەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی وشکانی، بەشی ئاویی و بەشی گازی. واتا زەوی و دەریا و زەریاکان و ئاسمان، بەشی وشکایی کە دەکاتە زەوی لە حەوت کیشوەر پێکهاتووە، زیاتر لە حەوت ملیار مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە دەژی و لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، هەر نەتەوەیەک کولتوور و شارستانیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە.

### چالاکیی ناو پۆل ١

وڵاتە زلهێزەکان و تەکنولۆژیای سەردەم و جیهانیگری هەڕەشەی گەورەن لەسەر زمانی دایک، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانە لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە بە زمانەکانی: کوردی (زاراوەی سۆرانی، زاراوەی بادینی)، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئینگلیزی پرۆگرامەکانی خوێندن ئامادە دەکات و چاپیان دەکات. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن و ڕوونیبکەنەوە گرنگیی ئەم کارە چییە؟

### چالاکیی ناو پۆل ٢

وەرزش بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان بۆناسینی جیهان هەژماردەکرێت، بۆیە گشت وڵاتانی جیهان گرنگییەکی تایبەت بە وەرزش دەدەن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش لە هەرێمی کوردستان ناساندنی کوردستان بە گشت جیهان چی لەسەرمان پێویستە وەکو تاک؟ ئەم بابەتە بە هاوکاریی مامۆستای گفتوگۆ بکەن.

### ئایا دەزانی؟

دەتوانین لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە جیهان بناسین.

## لە بیرت بێت

هەر وڵاتێک ئاڵای تایبەت بەخۆی هەیە و وەکو سیمبولی ئەو وڵاتە سەیری دەکرێت، ئاڵا بریتییە لە ناسنامەی وڵات و هاووڵاتییانی، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ( ١٧ ) ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی ئاڵا دەستنیشانکردووە.

## بەهێزکردنی زانیاری

لە کاتی گەشتکردنمان بۆ وڵاتێک پێویستە سەردانی شوێنەوارە دێرین و شوێنە گەشتیارییەکانی ئەو وڵاتە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر جیهان بناسین و شارەزایمان زیاد ببێت، ئەمانەی خوارەوە لەسەر ئاستی جیهان چەند شوێنەوارێکی گرنگن.

| | |
|---|---|
| **کیشوەری ئاسیا** | تاج مەحەل لە هیندستان، شورای چین |
| **کیشوەری ئەورووپا** | قەلای کورڤن لە ڕۆمانیا، ئەکرۆپۆلیس لە یۆنان |
| **کیشوەری ئەفەریقیا** | هەرەمەکان لە میسر، تاڤگەی ڤیکتوریا لە نێوان کینیا و ئۆگەندا و تەنزانیا |
| **کیشوەری ئەمریکای باکوور** | شاری دیزنی لاند لە ئەمەریکا، هەرەمی کاتسیو لە مەکسیک |

## چالاکیی ماڵەوە ١

بە سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت سەیری وێنەی چەند قوتابخانەیەکی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان بکە کە ژمارەی وێنەکان لە پێنج وێنە کەمتر نەبێت، دواتر بەراووردێک لە نێوان قوتابخانەکان و قوتابخانەکەی خۆت بکە بۆ ئەوەی سوود لە خاڵە باشەکانی وەربگریت و هەوڵ بدەیت بە هاوکاریی دەستەی کارگێڕی و دەستەی مامۆستایان لە قوتابخانەکەت جێبەجێ بکەیت.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری بە چەند دێڕێک لە سەر یەکێک لە شوێنەوارە جیهانییەکان بنووسە.

## نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان ( ١٨ ) ی نیسانی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی جیهانی کولتوور ناساندووە، ئامانج لێی پارێزگاریکردنە لە کولتووری مرۆڤایەتی.

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەم، وڵاتان دەتوانن لە ڕێگەی شوێنەوار و کولتوور وڵاتەکەیان بەیەکتر بناسێنن، بۆیە پێویستە لەسەر هەر یەکێک لە ئێمە گرنگیی بە شوێنەوارەکانی کوردستان بدات و بیانپارێزێت بۆ ئەوەی ئێمەش هاوشێوەی وڵاتانی تر کوردستان بە جیهان بناسێنین:



تاج مەحەل لە هیندستان



هەرەمەکان لە میسر



ئەکرۆپۆلیس لە یۆنان



کولسیوم لە ئیتالیا

## یەکەی سێیەم | جیهان و ئاشتی

### بیرۆکەی سەرەکی

ئاشـتیی تەنهـا وشـەیەک نییـە، بەڵکـو بناغـەی سـەقامگیری وڵاتـان و جیهانـە، و بنەچەیەکـی گرنگـە کـە ژیانـی گەلانـی پێـوە بەنـدە، بەبـێ ئاشـتیی مرۆڤـەکان ژیانیـان سـەقامگیر نابێـت، هۆیەکانـی خۆشـگوزەرانیش نامێنـن، گشت بوارەکانـی ژیانیش پاشەکشە دەکـەن، وەک فێرکردن و تەندروسـتی و پێشکەوتن و ژیـان، ئاشـتیی وەک هەندێـک بانگەشـەی بـۆ دەکـەن خۆبەدەسـتەوەدان و پاشەکشـە نییـە، بەڵکـو هەنگاوێکـی بوێرانەیـە، تەنهـا سـەرکردەی نـاوازە پێـی هەڵدەسـتێت، ئـەوەی وڵاتەکـەی دوور دەخاتـەوە لـە کاولـکاری جەنـگ بـەرەو ژیانێکـی ئـارام و ئاسوودە دەبـات.

### چالاکیی ناو پۆل ١

لـە ڕێگـەی پـەروەردە ئاشتیی بـەردەوام دەچەسـپێت. بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتوگۆ لەسـەر ئـەم دەسـتەواژەیە بکەن.

### چالاکیی ناو پۆل ٢

بۆچـی ئاشـتیی لـە ژیانـی ڕۆژانەمانـدا و چەسـپاندنی ئاسـایش و ئارامـی لـە جیهانـدا گرنگـە؟ بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتوگـۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە بکـەن.

### ئایا دەزانی؟

هەرێمـی کوردسـتان پابەنـدە بـە کارکـردن لـە پێنـاوی جیهانێکـی باشـتر بـۆ هەمـووان، کـە گشت پێکهاتـەکان تێیدا بـە ئاشـتیی بژیـن.

## له بیرت بێت

ئاشتیی جیهانی هاندەری مرۆڤایەتییە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لە گشت ئاستەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە گەلانی جیهان دەبێت دادپەروەری لە نێوان خۆیان بەرپا بکەن بۆ لە ناوبردنی هەر ناکۆکییەک و ململانێیەک، کە بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی دادپەروەرییەوە دێنە ئاراوە.

## بەهێزکردنی زانیاری

گۆڕینی شەڕ و توندوتیژی بۆ ئاشتیی، وامان لێ دەکات خۆمان لەبەردەم ئەرکی قورسدا ببینیەوە، هەر چەند مرۆڤ خۆی رۆشنبیر بکات زیاتر لە ئاشتیی تێدەگات. ئەمانەی خوارەوە چەندین دەستەواژەیە دەربارەی ئاشتی:

**دەستەواژەی یەکەم**

ئاشتیی وەک جەنگە ... سوپا و لەشکر و جەماوەر و پلان و ئامانجی خۆی هەیە،متمانە بە خۆبوون جەنگێکە دژ بە هەموو دەرهاویشتەکانی دۆڕان.

**دەستەواژەی دووەم**

ئاشتیی باڵ بە سەر جیهاندا ناگرێت، ئەگەر رەگەزپەرستی لە نێو رەگەزی مرۆڤ بنبڕنەکرێت.

**دەستەواژەی سێیەم**

ناتوانی ئاشتیی لە ئازادی جیابکەیتەوە، کەسێک ئازاد نەبێت چێژ لە ئاشتیی وەرناگرێت.

**دەستەواژەی چوارەم**

هەرگیز جەنگی باش و ئاشتی خراپ نەبووە.

**پاراستنی ئاشتیی لە بەدیهێنانی گرانترە**

## چالاكیی ماڵەوە ١

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی زانیاری و بە هاوكاریی كەسێک لە ئەندامانی خێزانەكەت بە چوار خاڵ گرنگیی ئاشتیی بۆ تاک بژمێرە.

## چالاكیی ماڵەوە ٢

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی زانیاری و بە هاوكاریی كەسێک لە ئەندامانی خێزانەكەت بە چوار خاڵ گرنگیی ئاشتیی بۆ كۆمەڵگە بژمێرە.

## نەتەوە یەكگرتووەكان

نەتەوە یەكگرتووەكان لە ٢٠ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٠، بڕیاری هەفتەی ئاسوودەیی نێوان ئایینەكانی دا، نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیارەكەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە لێكتێگەیشتن وگفتوگۆ لە نێوان ئایینەكان، دوو ڕەهەندی گرنگن لە ڕۆشنبیری جیهانی بۆ ئاشتیی و ئاسوودەیی لە نێوان ئایینەكاندا. كە هەفتەی جیهانی دەكاتە ئامرازی چەسپاندنی ئاسوودەیی لە نێوان خەڵک بە جیاوازیی ئایینەكانیانەوە.

**ئاشتیی بەبێ دادپەروەری نابێت**

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە، بۆم بە دەردەکەوێت ڕەخساندنی ئاشتیی بۆ خەڵک چەند گرنگە بۆ ئاشتیی جیهانی:



ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ



گەشەکردنی ئابووری



خۆشگوزەرانی



گەشەکردنی کەرتی پەروەردە

# یەکەی چوارەم جیهان بۆ هەمووان

## بیرۆکەی سەرەکی

جیهـان لـە چەندیـن وڵات و کۆمەڵگـەی جیـاواز پێکدێـت، کـە هـەر یەکێکیـان تایبەتمەنـدی و سروشـتی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، هەروەهـا هـەر یەکێکیـان کاریگـەری خۆیـان بەسـەر جیهانـەوە بەجێهێشـتووە، بەمـەش لـە هەمـوو بوارەکانـی زانسـتیی و ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئایینـی و کولتـووری خزمەتێکـی گەورەیـان بـە مرۆڤایەتـی کردووە...هتد، ئەمـەش وا دەکات دەرفـەت بـۆ هەمـووان بڕەخسـێت بـۆ ئـەوەی هەوڵـی دامەزراندنـی کۆمەڵگەیەکـی ئاشـتیی بـدەن تـا بـە جیهانێکـی ئـارام و ئاسـوودە بگـەن.

## چالاکیی ناو پۆل ١

ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ پـەروەردە و زانست و کولتـوور (یونسکۆ) دروشـمی (خوێنـدن بـۆ هەمـووان)ی کـردووە بـە دروشـمێک تاکو هەمـوو وڵاتـانی جیهـان کاری لەسـەر بکـەن بـۆ ئـەوەی منداڵان لـە سەرانسـەری جیهـان لـە خوێنـدن بـێ بـەش نەبـن. سـوودی ئـەم کارەی ڕێکخراوی یونسکۆ چییـە؟ بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتوگۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە بکـەن.

## چالاکیی ناو پۆل ٢

زامنکردنـی خوێندنێکـی بـاش بـۆ هەمـووان لەسەرانسـەری جیهـان، کۆتاییهێنانـە بـە جیاوازیـی جێنـدەری، هەروەهـا دەتواندرێـت لـەم ڕێگەیـەوە بگەیـن بـە لوتکـەی شارسـتانییەت. ئـەم بابەتـە بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتوگۆ بکـەن.

## ئایا دەزانی؟

پیسبوونی ژینگەی جیهان واتە تێکدانی ژینگەی نەوەکانی دواڕۆژ.

## لە بیرت بێت

وەبەرهێنـان لـە سـەرچاوەکانی وزەی پاکـدا، وەکـو تیشـکی خـۆر و بـا و گەرمـی دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی خەرجـی، هەروەهـا ئامانجێکـی گرنگـە دەتوانێـت هانـی گەشـەکردن و یارمەتـی ژینگـە بـدات، بەمـەش جیهـان بـۆ هەمـووان دەبێـت.

## بەهێزکردنی زانیاری

پیسـبوونی ژینگـە بریتییـە لـەو گۆڕانکارییـەی، کـە لـە سروشـتی ژینگـەدا ڕوو دەدات بەهـۆی بوونـی چەنـد هۆکارێکـی سروشـتیی و مرۆیـی، ئەمانـەی خـوارەوە چەنـد هۆکارێکـن:

**هۆکاری یەکەم**

زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبیل.

**هۆکاری دووەم**

دیـاردە و کارەسـاتە سروشـتییەکان وەکـو بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـا و سـوتانی دارسـتانەکان و کەمبوونـەوەی ڕووبـەری سـەوزایی.

**هۆکاری سێیەم**

زۆربوونی کارگە و کورە ئەتۆمی و چەکی ناوەکی.

**هۆکاری چوارەم**

نەشارەزایی لە چۆنیەتی دووبارە بەکارهێنانەوە و خۆ ڕزگارکردن لە پاشەڕۆکان.

## چالاکیی ماڵەوە ١

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان حەڤدە ئامانجی بۆ باشترکردنی ژیان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ نەوەکانی داهاتوو دیاریکردووە، ئەم ئامانجانە بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ناونراوە، بە سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت و کەسێک لە ئەندامانی خێزاکەت، تەنها ئامانجەکان بژمێرە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێز هۆشداری دەدەن کە پاشەڕۆی پلاستیکی بووەتە مەترسی بۆ سەر خاک و ئاو و چەندین زیندەوەری وشکانی ودەریایی و کەرتی کشتوکاڵ و سەرەنجام مەترسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ مرۆڤ دەبێت. لە سۆنگەی جیهان بۆ هەمووانە، بە گەڕان لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن وا بکەین مەترسیەکانی پاشەڕۆی پلاستیکی بۆ سەر ژینگە و تەندروستی مرۆڤ کەم بکەینەوە؟ بە هەشت دێڕ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.




### نەتەوە یەکگرتووەکان

ئامانجی یەکەمی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە نەهێشتنی هەژاری بەهەموو شێوەکانییەوە و لە هەموو شوێنێک.

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم ڕوون دەبێتەوە جیهان بۆ هەمووان وەکو یەک نییە:



منداڵی هەژار





منداڵی دەوڵەمەند



کەسی هەژار



کەسی دەوڵەمەند

# بەشی دووەم    هاووڵاتیبوون (تایبەتمەندی)

## یەکەی

1. چەمکی تایبەتمەندی
2. جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسی
3. تایبەتمەندی و ڕاگەیاندن
4. پاراستنی تایبەتمەندی

### زاراوە

- تاوان
- ڕاگەیاندن
- گەندەڵی
- پەنجەمۆر
- بەرتیل

ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

## ئامانجی بەش

١ – ئاشنابوون بە مافی تاکەکەسی لە تایبەتمەندی و پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی قوتابیان و کۆمەڵگە.

٢ – بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی قوتابیان بە مافی تاکەکەسی لە تایبەتمەندی، و جێبەجێکردن و بەدیهێنانی لە جێکەوتدا و هەروەها لە جیهانی گریمانەیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣ – ڕوونکردنەوەی گرنگیی ژیانی تایبەت و پەیوەستبوونی بە چەمکی مافی گەیشتن بە زانیاری.

٤ – بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی تایبەتمەندی.

٥ – هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ، بە تایبەتیش لە بواری مافی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی.

## یەکەی یەکەم
## چەمکی تایبەتمەندی

### بیرۆکەی سەرەکی

هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک شتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە نابێت کەسانی دیکە بیزانن، پێویستیشە ڕێز لە تایبەتمەندی ئەوانی دیکە بگیرێت و نهێنییەکانیان بپارێزرێت، چونکە ئەمە دەبێت مایەی زیادبوونی متمانە لە نێو خەڵکدا، و پتەوبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار ڕێزنەگرتنی تایبەتمەندی دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و لاوازبوونی متمانە و پێشێلکردنی مافی کەسانیتر.

### چالاکیی ناو پۆل ١

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت بە چەند خاڵێک باس لە گرنگیی مافی تایبەتمەندی لە ژیانی مرۆڤدا بکەن؟

### چالاکیی ناو پۆل ٢

بە سەرپەرشتی مامۆستای بابەت قوتابیانی پۆل دەکرێن بە چەند گرووپێک، هەر قوتابییەک یەک تایبەتمەندی خۆی دیاری بکات، دواتر یەکێک لە قوتابیانی گرووپەکە، تایبەتمەندییەکان لە ناو پۆلدا نمایش بکات.

### ئایا دەزانی؟

تایبەتمەندی واتە پاراستنی نهێنی و ڕێزگرتنی کەسی بەرامبەر.

## له بیرت بێت

تایبەتمەندی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و سەرپێیی دروست نابێت، یان بەپێی بڕیاری لایەن و دامەزراوەی تایبەت، بەڵکو لەڕێی کردارێکی ئاڵۆز و جەنجاڵ پێکدێت، کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوو و نێو کۆمەڵگەدا هەیە.

## بەهێزکردنی زانیاری

پێشێلکردنی تایبەتمەندی بە چەندین شێواز و ڕێگە ئەنجام دەدرێت ئەمانەی خوارەوە چەند شێوازێکە:

### یەکەم: چاودێری

بەدواداچوونی پەیوەندییەکانی کەسێک و تۆمارکردنی بە بێ ڕەزامەندی و زانینی خۆی، وشونهەڵگرتنی جولانەوەکانی لە ڕێی ئینتەرنێت و هۆیەکانی پەیوەندی و تۆمارکردنی بە شێوەی دیجیتاڵ، کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نهێنیە تایبەتییەکانی بە بێ پاساو یان بە فەرمانی دەسەڵاتێکی دادوەری یان کارگێڕی تایبەت.



### دووەم: دزەکردن

بە واتای هێرشکردنە سەر مافی تایبەتمەندیش دێت، لە ڕێی تێکدانی کۆمپیوتەر و ئامێری تایبەت بە پەیوەندی یان ئەمبارکردنی زانیاری یان گەڕاندنەوەی یاخود گۆڕینی بە بێ مۆڵەت.



## چالاكیی ماڵەوە ١

بـە یەكـەوە لەگـەڵ بەخێوكارەكـەت (دایـك و بـاوك، هـەر كەسـێكی تـر)، گفتۆگـۆ لەسـەر ئـەم دەستەواژەیە بكەن، ئایا كاتێ دایك و باوك چاودێری منداڵەكانیان دەكەن و ئاگاداریان دەكەنەوە لـە مەترسـیەكان، وەكـو (دووركەوتنـەوە لـە هـاوڕێ خـراپ، نەكێشـانی جگـەرە ... هتـد)، ئـەم هەڵسوكەوتە دەچێتە چوار چێوەی پێشێلكاری مافی تایبەتمەندی؟ بە شەش خاڵ ئەم بابەتە روونبكەوە.

## چالاكیی ماڵەوە ٢

چوار هەڵسوكەوت بنووسە. كە دەچێتە چوارچێوەی پێشێلكاری مافی تایبەتمەندیی كەسی.

## حكومەتی هەرێمی كوردستان

ئاشكرانەكردنی زانیاری و دۆسیەی كەسەكان، كە تایبەتن بە خوێندن، یا پزیشكی، یان فەرمانبەریتی یان ژمێرە بانكیەكانی، یاخود نهێنییە پیشەییەكانی بەبێ ڕەزامەندی كەسی پەیوەندار.

**تایبەتمەندی مافێكە نابێت مرۆڤ دەستبەرداری بێت**

**سەرنجدان**

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە شارەزای چەند جۆرێکی پێشێلکاری دەبم:



پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی فەرمانبەرێتی



پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی منداڵان



پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی کەسێتی



پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی گشتی

## یەکەی دووەم جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسیی

### بیرۆکەی سەرەکی

ئەستەمە بتواندرێت جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسیی بە شێوەیەکی دیاریکراو دیاری بکرێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنولۆژیاوە بەردەوام گۆڕانکاری لە جۆرەکانی تایبەتمەندی کەسیی ڕوودەدات.

### چالاکیی ناو پۆل ١

ئایا ئێمە وەک کۆمەڵگە ڕێز لە تایبەتمەندی کەسانی دیکە دەگرین؟ و ئایا ئەوە ئەرکمانە وەکو هاووڵاتی؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن.

### چالاکیی ناو پۆل ٢

ئایا دەکرێت تایبەتمەندی ڕۆشنبیری، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا بێت و گەشە بستێنێت؟

### ئایا دەزانی؟

دەرخستنی زانیارییەکان بە بێ پرسی خاوەنەکەی، تاوانە.

ڕێزگرتنی تایبەتمەندی کەسانی دیکە کارێکی گرنگ و لە هەمووان داواکراوە

## لە بیرت بێت

پێویستە ڕێ نەدرێت بەو کەسانەی تایبەتمەندی و نهێنی کەسانی دی پێشێل دەکەن قسە بکەن، و گوێ بۆ قسەکانیان نەگیرێت. بۆ ئەوەی هەست بکەن ئەم ڕەفتارە نەخوازراو پەسەند نییە.

## بەهێزکردنی زانیاری

بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر جۆرەکانی تایبەتمەندی، ئەمانەی خوارەوە جۆرەکانی تایبەتمەندیین:

**تایبەتمەندی کەسیەتی**

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییە، واتا تایبەتمەندی کەس وەک تاکێکی کۆمەڵگەکەی و مافی لە بەدەستهێنان و پاراستنی هەر شتێک، کە بە مافی خۆی بزانێت.

**تایبەتمەندی ڕۆشنبیری**

واتا هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی ڕۆشنبیری خۆی هەیە، و مرۆڤی ژێر نابێت ئەم تایبەتمەندییانە پشت گوێ، یان فەرامۆشیان بکات، لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ئەم کۆمەڵگەیانە.

**تایبەتمەندی ئایینی**

واتا هەر کەسێک مافی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بیروباوەڕ، و مافی لە پاراستنی ڕەهای ئەو بیروباوەڕەی هەیە، ونابێت هیچ لایەنێک بە هەر پاساوێک بێت بیرو باوەڕی بخاتە ژێر چاودێری.

**تایبەتمەندی هەرێمی**

بە مانای ئەوە دێت هەرێم بەشێکە لە وڵاتێک بەڵام تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی دەستوور و یاسای کارپێکراوی وڵاتەکەی پێگەیەکی بەهێز و مافی هاووڵاتیان دەستەبەر بکات.

## چالاکیی ماڵەوە ١

بە ئارەزووی خۆت بە چەند دێرێک لەسەر یەکێک لە جۆرەکانی تایبەتمەندی بە سوود وەرگرتن لە تۆری ئینتەرنێت یاخود هەر سەرچاوەیەکی تر، بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت بنووسە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

چۆن وا بکەین خەڵک مافی تایبەتمەندییەکانمان پێشێل نەکەن؟ بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت بە دوو خاڵ لەسەر ئەم بابەتە بنووسە؟



## نەتەوە یەکگرتووەکان

نابێت کەس دووچاری دەستێوەردانی زۆرە ملێ بێت لە تایبەتمەندییەکانی و کاروباری خێزانی و ماڵەوەی، یا پەیوەندییەکانی، یاخود لەکەدارکردنی شەرەف و ناوبانگی، هەموو کەسەکان مافی ئەوەیان هەیە یاسا بیانپارێزێت دژ بەو جۆرە دەستێوەردان و پێشێلکردنانە.

## سەرنجدان

به سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە شارەزای جۆرەکانی تایبەتمەندی دەبم:



مافی تایبەتمەندی کەسی



مافی تایبەتمەندی ئایینی



مافی تایبەتمەندی هەرێمی



مافی تایبەتمەندی ڕۆشنبیری

# یەکەی سێیەم | تایبەتمەندی و ڕاگەیاندن

## بیرۆکەی سەرەکی

تایبەتمەندی یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی لە بواری ئاکاری ڕاگەیاندن مشتومڕیان لە سەرە، ناکۆکییە ئاکارییەکەش لە چەند ساڵی کۆتایی لەسەر پێشێلکارییەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندنە بۆ تایبەتمەندی تاکەکان و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لەکەداریان دەکات وشکۆیان کەمدەکاتەوە.

لەگەڵ کرانەوەی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا پێویستە باس لەم بابەتە بکەین ، تا وێنەکە ڕوونببێتەوە لە بەر چاو ڕاگەیاندنکاران لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لەبەر چاوی ئێمەی هاووڵاتیش، کە بۆی هەیە ڕووبەڕووی ئەو پێشێلکاریانەی تایبەتمەندییەکانمان ببینەوە، نەک تەنها لەلایەن دەزگەکانی ڕاگەیاندنی ئاساییەوە، بەڵکو لەڕێی ئامرازەکانی نوێوە و بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

## چالاکیی ناو پۆل ١

ئایا دەبێت بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی زانیاری. یاخود وێنەی کەسێک بڵاوبکرێتەوە؟ لەبەرچی؟
بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## چالاکیی ناو پۆل ٢

ئایا بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کار و چالاکییەکانی یاریزانێکی وەرزشی، یاخود هونەرمەندێکی بە ناوبانگ دەچێتە بواری پێشێلکاری مافی تایبەتمەندییەوە؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## ئایا دەزانی؟

بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسێک ئەگەر نەبێتە هۆی ناوزڕاندنی، مافی داواکردنی تایبەتمەندی نییە.

## له بیرت بێت

چەتەیی (هاککردن)ی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاوانە، لەبەر ئەوەی سنووری تایبەتمەندییەکان دەبەزێنێت.

## بەهێزکردنی زانیاری

چەندین هۆکار و شێوازی پێشێلکاری ڕاگەیاندنی نوێ هەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەیە، ئەمانەی خوارەوە چەند هۆکارێکن:

**هۆکاری یەکەم**

بەشێک لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدارن لە پێشێلکردنی ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان، لەڕێی بەرنامە و خستنەڕووی بابەتە بیرمەندییەکانیان کە زیان بە بیروباوەڕ و پیشە و ڕەچەڵەکی تاکەکان دەدات.

**هۆکاری دووەم**

بەکارهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نوێی لە لایەن هەندێک لە گەورەکان بۆ زیان گەیاندن بە تایبەتمەندییەکانی منداڵانەوە بە شێوازی جیاواز.

**هۆکاری سێیەم**

جوێندان و تانەوتەشەر لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، زۆرترین ئەو بابەتانەن کە دەست لە ژیانی تایبەتی کەسەکان و کۆمەڵەکان وەردەدەن، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ململانێی ئایینزایی.

**هۆکاری چوارەم**

نەزانینێکی تەواو بە مافی تاکەکان، دەبێتە هۆی پێشێلکاری تایبەتمەندی.

ئایا دەزانی کە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت تایبەتمەندیت نییە؟

## چالاکیی ماڵەوە ١

بـە سـوود وەرگرتـن لـە ڕۆژنامـەکان یاخـود تـۆڕی ئینتەرنێـت نموونەیـەک لـە بـواری پێشـێلکاری مافـی تایبەتمەنـدی لەلایـەن دەزگەکانـی ڕاگەیاندنـەوە پێشـکەش بکـە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

ئایا گـەڕان و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر گەندەڵـی و کەسـانی گەنـدەڵ لـە بەڕێوەبردنـی کارەکان دەچێتـە بـواری پێشـێلکاری مافـی تایبەتمەنـدی؟ بـە پێنـج دێر لەسـەر ئـەم بابەتە بنووسـە.



## یەکێتیی ئەوروپا

هەمـوو تاکێـک مافـی ڕێزگرتنـی لـە ژیانـی کەسـیی و خێزانـی هەیـە، جگـە لـە شـوێنی نیشـتەجێبوون و پەیوەندییەکانـی .

دەبێت ڕاگەیاندن ڕێز لە تایبەتمەندی بگرێت

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە کام شێواز گونجاو نییە و دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی:



پشکنینی زانیارییەکانی نێو مۆبایلی کەسی



بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر وەرگرتنی بەرتیل



چاودێریکردنی کەسانی گەندەڵ



چاودێریکردنی ماڵ و دامودەزگە گشتییەکان لە ڕێگەی کامیرای چاودێری

# یەکەی چوارەم پاراستنی تایبەتمەندی

## بیرۆکەی سەرەکی

بیرۆکـەی پاراسـتنی نهێنـی و مافی تایبەتمەنـدی ژیانـی کەسـەکان مافێکـە لـە مافەکانـی مـرۆڤ، ئێمـە هەمووـمـان تـا ئەندازەیـەک لێـک جیاوازیـن، هەریەکەمـان تایبەتمەنـدی و کـرداری تایبەتـی و زانیـاری خـۆی هەیـە، کـەس بـۆی نییـە ببینێـی و سـەیری بـکات، بۆیـە دەبێـت هەمـوو کەسـێک بـە گوێـرەی یاسـا تایبەتمەندییەکانـی پارێـزراو بێـت.

## چالاکیی ناو پۆل ١

یاریزانێکـی بـە ناوبانـگ تووشـی نەخۆشـییەک دەبێـت، ئـەم یاریزانـە هەوڵـدەدات ئـەم نەخۆشـیە بشـارێتەوە، ئایـا بـڵاو کردنـەوەی هەواڵـی نەخۆشـی ئـەم یاریزانـە دەچێتـە بـواری پێشـێلکاری مافـی تایبەتمەنـدی؟ یاخـود هۆشـیارکردنەوەی خەڵکـە لـە ترسـناکی نەخۆشـییەکە؟

## چالاکیی ناو پۆل ٢

ئایـا گونجـاوە بـە سـوود وەرگرتـن لـە تەکنولۆژیـا، هەوڵـی وێنەگرتـن و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری قوتابیانـی نـاو قوتابخانەکـەت بدرێـت بـە بـێ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی قوتابییەکـە؟ یاخـود دەسـتکاری وێنەکـەی بکرێـت؟

## ئایا دەزانی؟

ڕێزگرتــن لــە تایبەتمەندییەکانــی کەســانی دی، لــە گرنگتریــن ئــەو کارانــەن کــە دەبێت لە کۆمەڵگــەدا ڕەچاوبکرێــت.

## لە بیرت بێت

لـە کاتـی ئەنجامدانـی کارێـک بەرامبـەر کەسـێکی تـر، بچێتـە بـواری پێشـێلکاری مافـی تایبەتمەندیـی کەسـیی تووشـی سـزا دەبێـت.

## بەهێزکردنی زانیاری

بـەچەندیـن ڕێگـە دەتوانیـن تایبەتمەنـدی خۆمـان لـە ئینتەرنێـت بپارێزیـن، ئەمانـەی خـوارەوە چەنـد ڕێگەیەکـە:

١ ژمارەی نهێنی بەهێز بۆ ئەکاونتی ئینتەرنێت بەکاربهێنە.

٢ لە کرداری فێڵبازی و دەسبڕین لە ئینتەرنێت دوور بکەوە.

٣ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری ئیمێڵی لە ئینتەرنێت.

٤ بەکارنەهێنانی سیستەمی کۆنی کارپێکراو لەسەر ئامێری کۆمپیوتەر.

هەموو مرۆڤێک شایەنی تایبەتمەندییە لە ژیانی خۆی

## چالاکیی ماڵەوە ١

دوای خوێندنی بابەتی پاراستنی تایبەتمەندی کەسیی ئایا هیچ ڕەفتارێک یاخود کارێک بەرامبەر هاوڕێیەکەت ئەنجامتداوە بچێتە بواری پێشێلکاری مافی تایبەتمەندی؟

## چالاکیی ماڵەوە ٢

لە ناو قوتابخانەکەت هەواڵێک بلاوبووە گومان هەیە مۆبایلی یەکێک لە مامۆستایان لە ژووری مامۆستایان لەلایەن یەکێک لە قوتابیانی پۆلەکەت براوە، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕاستەوخۆ چوو بۆ پشکنینی جانتای قوتابیەک بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی قوتابیەکە. ڕای تۆ چییە لەسەر ئەم ڕووداوە؟ ئایا بەڕێوەبەر مافی ئەوەی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات؟ هەستت چۆن دەبوو ئەگەر ئەم کارەی بەرامبەر تۆ ئەنجامدابایە؟ مافی پێشێلکراو لەم ڕووداوە چییە؟ بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت بنووسە.



### کۆماری کۆریای باشوور

نابێت تایبەتمەندی هیچ هاووڵاتییەک پێشێل بکرێت.


**دەبێت ڕێز لە شکۆ و تایبەتمەندی منداڵان لە گشت بارودۆخێکدا بگیرێت**

## سەرنجدان

دوای سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بە هاوکاریی مامۆستای بابەت مەبەستی ئەم وێنانەی خوارەوە شیبکەرەوە:



کەسانی چەتەگەر (هاککەر) بەردەوامن لە ئەنجامدانی کاری چەتەییکردن (هاککردن)



بەکارهێنانی تایبەتمەندی پەنجەمۆر



دانانی ژمارە و وشەی نهێنی بۆ فایل و دۆکمێنتەکان




دانانی ژمارە و وشەی نهێنی گونجاو

# بەشی سێیەم / کارامەییەکان (کارامەیی چارەسەرکردنی کێشەکان)

## یەکەی

١ جەمکی چارەسەرکردنی کێشەکان

٢ هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان

٣ بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان

٤ کێشەکان و کاری بە کۆمەڵ

### زاراوە

- کێشەکە
- هەل
- ئاستەنگەکان
- هەڵسەنگاندن
- جێگرەوەکان

ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |

## ئامانجی بەش

١ – پەرەپێدانی کارامەیی و تواناکان و زانیارییەکان.

٢ – هاندانی سەربەخۆبوون و ڕووکردنە فێربوونی خودی.

٣ – یارمەتیدانی قوتابی بۆ وەرگرتنی بڕیارە گرنگەکان لە ژیانیدا، کە دەبێتە هۆی زاڵبوونی بە سەر بارودۆخ و ئەو هەڵوێستانەی پێشنیازیان دەکات.

٤ – چەسپاندنی بەهای کاری بە کۆمەڵ و هاوکاری لە نێوان قوتابیان.

٥ – پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوونی منداڵ وتوانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان.

٦ – ڕەخساندنی هەل بۆ منداڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە هەڵوێستی کرداری فێری بووە.

٧ – بەخشینی کارامەیی زانستی و زانیاری پێویست بە منداڵ بۆ فێربوون و شارەزابوون.

٨ – بەهێزکردنی کەسایەتی منداڵ لە ڕێی کاری بە کۆمەڵ، لە کاتی چارەسەرکردنی کێشە.

٩ – وروژاندنی هاندەری منداڵ بۆ فێربوون، کە ئارەزووی لە بیرکردنەوە بۆ چارەسەری کێشەی لەلا دروست دەکات.

## یەکەی یەکەم چەمکی چارەسەرکردنی کێشەکان

### بیرۆکەی سەرەکی

ژیـان بـێ کێشـە نابێـت، خەڵکیـش لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ کێشـەکان جیـاوازن، هەندێـک کـەس لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ کێشـەکان بـە توانـا و لێهاتـوون، هەندێکیشـیان بڕیـارە هەڵەکانیـان دەیانگەیێنێتـە ئەنجامـی خـراپ، ئـەم مامەڵەکردنـە پێـی دەگوترێـت چارەسـەرکردنی کێشـەکان، واتـا ئـەو کۆمەڵـە کردارانـەی تـاک بـە بەکارهێنانـی ئـەو زانیاریانـەی پێشـتر فێریـان بـووە، ئەنجامیـان دەدات هەروەهـا ئـەو کارامەییانـەی پێشـتر بـە دەسـتی هێنـاون بـۆ زاڵبـوون بـە سـەر ئـەو هەڵوێسـتە بـە شـێوەیەکی نـوێ و نـاوازە و گەیشـتن بـە چارەسـەر بـۆی.

### چالاکیی ناو پۆل ١

لەگـەڵ هاوڕێیانـت لـە نـاو پـۆل بـە هاوکاریی مامۆسـتای بابـەت پێناسـەیەکی گونجاو بۆ چارەسـەری کێشـەکان بکەن.

### چالاکیی ناو پۆل ٢

ئـەو کێشـانەی لـە ژیانـی ڕۆژانـە ڕووبەڕوومـان دەبنـەوە، سـەرچاوەیەکی گرنگـن بـۆ ئـەوەی ئـەو بیرۆکانەمـان پـێ ببەخشـن، کـە لەوانەیـە زۆر شـت لـە ژیـان و کارەکانمـان بگـۆڕن و پێشـیان بخـەن. بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت بەهێنانـەوەی نموونـە گفتوگـۆ لـە سـەر ئـەم بابەتـە بکـەن.

### ئایا دەزانی؟

وشەی کێشە لە لایەن چینیەکان لەگەڵ وشەی (هەل) هاوواتەیە.

**نموونه**

بە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەک لە نێوانیاندا دوو قوتابی دەبێتە شەڕیان، بەڵام یەکێک لە قوتابیەکانی تری قوتابخانەکە ناوبژیوانیان دەکات، بە هۆی ئامۆژگارییەکانی هەردوو قوتابیەکە پەشیمان دەبنەوە داوای لێبوردن لە یەکتر دەکەن. دوای بینینی ئەم وێنانەی خوارەوە پێویستە لەسەرمان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەین:



ناکۆکی



بەشەڕهاتن



ناوبژیوانی و ئامۆژگاریکردن



داوای لێبوردن لە یەکتر

## چالاکیی ماڵەوە ١

بە هاوکاریی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاوی دیاریکراو پڕبکەرەوە.

کەڵەکەدەبن | بێ ئومێدی | چارەسەر

### مامەڵەکردنی خەڵک لەگەڵ کێشەکان

نکۆڵی یان بێ ئاگایی ← دەبێتە هۆی



کەڵەکەدەبێت

گەورەکردن و تۆقاندن ← دەبێتە هۆی




بێ ئومێدی

میانڕەوی و میانگیری ← دەبێتە هۆی



چارەسەر

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم دەردەکەوێت، بە بیرکردنەوەی گونجاو و زانستیی و داهێنەرانە دەتوانین سەرکەوتوو بین لە چارەسەرکردنی کێشەکان:




بە بیرکردنەوەی گونجاو دەگەینە چارەسەر




بە شیکردەوەی کێشەکان دەگەین بە چارەسەر




بە چارەسەرکردنی کێشەکان سەرکەوتوو دەبین




دەبێت هەردەم بەئاراستەی چارەسەرکردن کاربکەین

## یەکەی دووەم هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان

### بیرۆکەی سەرەکی

هەموومان لە ژیانی ڕۆژنەمان ڕووبەڕووی کێشـــە و ئاســـتەنگ دەبینەوە، کە لـــە جۆر و قەبارەیان جیـــاوازن بەپێـــی جیاوازیـــی شـــوێن و کاتەکەیان، بـــەڵام کەم لە ئێمـــە هونـــەری مامەڵەکردن لە لەگەڵ کێشـــە و شـــێوازی چارەســـەرکردنی بە ڕێگەی زانســـتیی دەزانین، کە دەبنە هۆی وەرگرتنی بڕیاری دروســـت بۆ چارەســـەرکردنی ئـــەو کێشـــەیە و گۆڕینی لە کێشـــەوە بۆ هـــەل، ولەوانەیە بـــۆ چەند هەلێکی ڕاســـتەقینە کـــە دەتوانین بە ئەرێنی ســـوودیان لـــێ وەربگرین.

### چالاکیی ناو پۆل ١

**هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێکی زانستییانە:**

هەنگاوەکانـی چارەسـەرکردنی کێشـەکان، پرۆسـەیەکی ڕێکخـراوە یارمەتیمـان دەدات بـۆ وەرگرتنـی بڕیـاری گونجـاو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان.

١ – درک کردن بـە بوونـی کێشـەکە: هەسـتکردن بـە بوونـی کێشـەیەک سـەرەتای چارەسـەرکردنیەتی، ئامـاژەش بـۆ ئـەوە دەکرێـت کـە هەندێـک کـەس هەسـت بـە کێشـەکە ناکـەن تـا وەکـو ڕوونـەدات، هەندێکیـش هـەن پێش ڕوودانـی هەسـتی پـێ دەکـەن.

٢ – پێناسـەکردنی کێشـەکە: ئـەم هەنـگاوە گرنگتریـن هەنـگاوە لەنێـو ئـەم شـەش هەنگاوانـە، کـە بـە وردی پێناسـەی کێشـەکەی دەکرێـت، بـە مەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئامـراز و ئـەو ڕێگەیانـەی دەگیرێنـە بـەر بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە.

٣ – دەستنیشـانکردنی کۆمەڵـە چارەسـەرێک: کاتێـک هۆیەکانـی کێشـەکە دەدۆزرێنـەوە ، دەبێـت کۆمەڵـە چارەسـەرێک دەستنیشـان بکرێـن.

٤ – هەڵبژاردنـی باشـترین چارەسـەر: بـە پێـی هەڵسـەنگاندنت، باشـترین چارەسـەر هەڵبژێـرە و پاسـاوی بـۆ بێنـەوە.

٥ – جێبەجێکردنـی چارەسـەر و تاقیکردنـەوەی: هەنـگاوی جێبەجێکردنـی چارەسـەرەکە، نموونـەی گواسـتنەوەیە لـە قۆنـاغی پلاندانانـەوە بـۆ قۆنـاغی پیادەکردن و جێبەجێکردنـی واقعـی.

٦ – فیدباک: واتا هەڵسەنگاندنی چارەسەرە هەلبژێردراوەکان.

### ئایا دەزانی؟

کاتێـک بڕیـارەکان لـە سـەر بنەمـای تێکەڵەیـەک لـە سـۆز و داتـای نادروسـت و پێنەگەیشـتوو بنیـات دەنرێـن، ئـەوە دەبێتـە هـۆی گەورەبوونـی کێشـەکە، خاوەنەکـەی وادەزانـێ چارەسـەری کـردووە، کەچـی تەنهـا بـۆ ماوەیەکـی کـورت کاریگـەری کـەم کراوەتـەوە.

## نموونە

**نموونە بۆ چارەسەرکردنی کێشە**

دەستنیشانکردنی کێشەکە: دابەزینی ئاستی زانستیی قوتابی

هۆیەکانی: ١ – فەرامۆشکردن ٢ – شەونخونی ٣ – ڕێکنەخستنی کات

گرنگترین چارەسەرە پێشنیازکراوەکان:

– قوتابی خشتەیەک بۆ خۆی دانێت کاتی خۆی پێ ڕێکبخات.

– نووستن لە کاتی گونجاودا.

– بایەخدان بە پێداچوونەوەی وانەکان لە کاتی خۆیان و پرسیارکردن لە مامۆستا دەربارەی ئەو بابەتانەی ئاڵۆزن.

چارەسەری گونجاو: خشتەی ڕێکخستنی کات.

پیادەکردن وهەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی چارەسەرەکە:

١ – بەدواداچوونی قوتابی لە پۆلەکەی ٢ – بانگهێشتکردنی قوتابی بۆ ژووری بەڕێوەبەر و و پرسیارکردن لە ئاستی زانستی ٣ – سەیرکردنی کتێب و دەفتەر و پەڕەکانی وەڵامدانەوەی.



## چالاکیی ماڵەوە ١

لـە نـاو قوتابخانەکـەت چەنـد کێشـەیەک هەیـە وەکو (قەڵـەوی قوتـابیـان، پابەندنەبوونـی قوتـابیـان بـە یەکپۆشـی جلوبـەرگ، نەبوونـی خواردنـی بـاش و گونجـاو لـە نـاو فرۆشـگە) بـە هاوکاریـی کەسـێک لـە خێزانەکـەت و بـە سـوود وەرگرتـن لـە تـۆڕی ئینتەرنێـت، پاڵپشـت بـە هەنگاوەکانـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی باسکراوە، هەنگاوەکانـی چارەسـەرکردنی کێشـەی قەڵـەوی دیـاری بکـە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

دیـار لـە پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتـی قوتابیـە لـە یەکێـک لـە قوتابخانـەکان، لـە تاقیکردنـەوەی بیـرکاری نمرەیەکی زۆر کەمـی بـە دەست هێنـاوە، بـە هاوکاریـی کەسێک لـە خێزانەکـەت بیرۆکـەی گونجـاو بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە دەستنیشـان بکـە.



## سەرنجدان

به سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم دەردەکەوێت جۆری کێشەکان جیاوازن:



کێشەی کۆمەڵایەتی



کێشەی ژینگەیی




کێشەی سیاسی



کێشەی ئابووری

## بیرۆکەی سەرەکی

هەر یەکێک لە ئێمە ڕۆژانە تووشی کێشە و ئاستەنگ دەبێتەوە، یاخود تووشبووە و هەوڵیداوە بە شێوازێک یاخود بە ڕێگەیەک بڕیارێکی گونجاو بدات. زۆرجار ئەو چارەسەرەی پێگەیشتووە، یان بڕیاری لەبارەوە داوە، لە ئەنجامی شارەزایی و ئەزموونی پێشوو بووە، یاخود لەڕێگەی لاسایی کردنەوە و تێبینیکردنی پێشوو بووە، یاخود چارەسەریەکە سەرچاوەی گرتووە لە بەکارهێنانی لۆژیک و ڕێگەی زانستیی. ئەو شێواز و ڕێگەیانەی بۆ چارەسەری کێشەکان پەیڕەو دەکرێن هەریەکێکیان بە شێوەیەکی ئەرێنی چارەسەری کێشەکەیان کردووە بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاواز.

## چالاکیی ناو پۆل ١

کاتێک کێشە سادە و بچووکە چارەسەری ئاسانە، بەڵام ئەگەر کێشەکە ئاڵۆز و گەورە بێت چارەسەری قورستر دەبێت، بە هاوکاریی مامۆستای بابەت نموونەیەک بۆ کێشەی سادە و کێشەی ئاڵۆز بهێننەوە لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنی.

## چالاکیی ناو پۆل ٢

کاتێک قوتابیەک ناخوێنێت و واز لە قوتابخانە دەهێنێت. زۆرجار ئەم بابەتە وەکو یەک کێشە سەیر دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا چەند کێشەیەکە وەکو هۆکاری نەخوێندن و وازهێنانەکەی هەروەها دوای وازهێنانی لە قوتابخانە لەوانەیە چەندین کێشەی تر ڕووبدات. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە بکەن هۆکارەکانی ڕوودانی کێشەکە و چارەسەرییەکانی دیاربکەن.

## ئایا دەزانی؟

چارەسەرنەکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی گونجاو بۆ نەبوونی کارامەیی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەگەڕێتەوە.

**نموونە**

کاتێک تیمێکی وەرزشی ئاستی خراپە و یاریزانەکان وەکو پێویست یاریی ناکەن، ئێمە نابێت یەکسەر بڵێین یاریزانەکان خراپن، بەڵکو دەبێت بۆ هۆکاری خراپی ئاستی وەرزشوانەکان بگەڕێن. دوای بینینی ئەم وێنانەی خوارەوە پێویستە لەسەرمان مامەڵە لەگەڵ ڕاستی کێشەکە بکەین نەوەک نیشانەکانی:



کەمی ڕاهێنان



زۆرخواردن و قەڵەوی



جگەرەکێشان




نەبوونی ڕاهێنەری باش

## چالاکیی ماڵەوە ١

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری و بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت نموونەی کێشەیەک بهێنەوە. دواتر ئامانجی سەرەکی دەست نیشان بکە و بە بڕیارێکی گونجاو چارەسەری کێشەکە بکە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

ماڵی داناز لەسەر شەقامێکی سەرەکی و قەرەباڵغی شاری دهۆکە، ئوتۆمبیلێکی زۆر لەسەر ئەو شەقامە تێدەپەڕێت، بۆ کەمکردنەوەی هاتنە ژوورەوەی دەنگ بۆ ناو ماڵ پێویستە گۆڕانکاری لە پەنجەرەکاندا بکرێت، ئایا پێویستە جۆری پەنجەرەکان چۆن بن؟ لەبەرچی؟ بە گوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە هاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بڕیار لەسەر چارەسەری ئەم کێشەیە بدە.



## سەرنجدان

به سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم دەردەکەوێت چەندین ڕێگەی جیاواز بۆ بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە:



بڕیارنەدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە



چارەسەرکردنی کێشە بە بڕیاری تاک لایەنە



چارەسەرکردنی کێشە بە بڕیاری زۆرینە



چارەسەرکردنی کێشە بە بڕیاری کۆی گشتی

# یەکەی چوارەم  کێشەکان و کاری بەکۆمەڵ

## بیرۆکەی سەرەکی

کاری بـە کۆمـەڵ یارمەتیـدەرە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، لـە ڕێـی کۆکردنـەوەی چارەسـەری جیـاواز و توانـاکان و گۆڕینـەوەی بیـروڕا جۆراوجـۆر و جیـاوازەکان لـە نێو قوتابییـەکان، چونکە هـەر قوتابییـەک بیرۆکەیەکـی جیـاوازی هەیـە، کاتێـک ژمارەیـەک قوتابـی هاوبـەش دەبـن لـە چارەسـەرکردنی کێشـەیەک، هـەر قوتابییـەک بیرۆکەیەکـی جیـا دەخاتـەروو، کـە دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی بیرۆکـەی نـوێ، و لـە ئەنجامـدا هێنانـەدی ئامانجـەکان خێراتـر دەبێـت.

## چالاکیی ناو پۆل ١

کاری بەکۆمـەڵ چەنـد بنەمایەکـی هەیـە، بـەڵام گرنگتریـن بنەمـا بـۆ سـەرکەوتنی کاری بەکۆمـەڵ ئەمانـەی خـوارەوەن، دواتـر بـە هاوکاریـی مامۆستای بابـەت گفتوگۆ لەسـەر ئـەم بنەمایانـە بکـەن:
١- گونجـان لـە نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵـە ٢- وردی و دڵسـۆزی لەکارکـردن ٣- دەستنیشـانکردنی پەیکـەری کارکـردن. ٤- ڕێـز لەیەکترگرتـن لـە نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵـە ٥- دەستنیشـانکردنی ئامانجـی کۆمەڵـە .

## چالاکیی ناو پۆل ٢

**ئەمانەی خوارەوە چەندین سوود و گرنگیی کاری بەکۆمەڵە، بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەن.**

١ – زیادکردنـی توانـا و بەرهەمهێنـان ٢ – جێبەجێکردنـی کاری جـۆرا و جـۆرو ئاڵـۆز ٣ – ئاسـانکردنی گفتوگـۆی کـراوە و هـاوکاری ٤ – سـوود وەرگرتـن لـە گشـت خاڵـە بەهێزەکانـی ئەندامانـی تیمەکـە ٥ – فراوانکردنـی ئاسـۆی پەرەسـەندنی کەسـی ٦ – بـوار ڕەخسـاندن لـە پێـش داهێنـان و نوێـکاری ٧ – بـە دەسـتهێنانی گەورەتریـن ڕێـژەی سـەرکەوتن.

## ئایا دەزانی؟

کاری بە کۆمەڵ یارمەتی بەرزکردنەوەی گیانی تەبایی تاکەکان دەدات.

**نموونە**

لە گەڕەکەکەمان پارچە زەویەکی بەتاڵ هەبوو تەرخانکرابوو بۆ باخچەی گشتیی، شارەوانی بڕیاریدا بیکات بە باخچەی گشتیی، خەڵکی گەڕەکەکە بڕیاریاندا هاوکاریی شارەوانی بکەن لە چاندنی درەخت و نەمامەکان بۆ ئەوەی ببێت بە شوێنێکی ئارام بۆ خەڵکی، هەروەها بەردەوام هاوکاریی شارەوانی بکەن لە پاککردنەوەی باخچەکە. دوای بینینی ئەم وێنانەی خوارەوە پێویستە لەسەرمان لەکاتی بوونی کێشەیەک بە گروپ هاوکاریی یەکتر بکەین:




زەوی بەتاڵ




چاندنی درەخت و نەمام




پیسکردنی باخچە




پاککردنەوەی باخچە

## چالاکیی ماڵەوە ١

کارزان تەمەنی (١٠) ساڵە، چەند هاوڕێیەکی هەیە لەوانە هەردی و سیروان، هەموویان یەکتر لە یاریگایەکی بچووک دەبینن، ڕۆژێک بینیان بەردێکی گەورە لە ناو یاریگایەکەیە، هەر یەکێک لەوان ویستی هێزی خۆی لابردنی بەردەکە نیشان بدات بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لە کاتێک ئەوان بیریان لەوە دەکردووە چۆن بەردەکە لاببەن، دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشیان بینی، ئەویش ڕیزێکی دوور و درێژی مێروولە بوو، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجیانی ڕاکێشا بینیان مێروولەکان هاوکاریی یەکتر دەکەن لە هەڵگرتنی پارچە نانێکی بچووک، بە دڵنیاییەوە زۆر لە قەبارەی مێروولەکان گەورەتربوو.

لەم کاتدا هەموو هاوڕێیان سەیری یەکتریان کرد و زەردەخەنەیەکی مانادار لە سەر دەموچاویان دەبینرا، ئەوەش ئەوە بوو لەو دیمەنە وانەیەک فێربوون، بۆیە هەموویان بەیەکەوە بەرەو بەردە گەورەکە چوون هەوڵی لابردنیاندا، بینیان وا بەردەکە دەجوڵێتەوە، ئەوە بوو توانیان بەردە گەورەکە لابدەن و هەستیان بە خۆشیی کرد و گەڕانەوە بۆ یاریکردن. دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە هەوڵبدە بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت ناونیشانێکی جوان و پەیوەندار بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دابنێ.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

چەند مەرجێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە تیمی کار، بۆ هەریەکێک لەو مەرجانە نموونەیەک بهێنەوە، دواتر لە ناو پۆل بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەن.

١ – پشت بەستن بە شێوازی زانستیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست. ٢ – ئارەزوو و توانای ئەندامەکان لە گوێگرتنی کاریگەر لە یەکتر. ٣ – ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی هێز بە هیچ شێوەیەک وەک ئامراز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٤ – قبووڵکردنی جیاوازی و بە ئەرێنی و دینامیکی هەژمارکردنی بۆ دروستکردنی بڕیاری باش.

٥ – ئارەزووی ئاڵوگۆڕکردنی شارەزاییەکان لە نێوان ئەندامەکاندا لە ڕێی باسکردنیان و دەربارەی ئەو تاقیکردنەوانەی پێیدا تێپەڕیون.

چارەسەری کێشەکە پێویستی بە توانای داهێنەرانە هەیە

## سەرنجدان

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە بۆم دەردەکەوێت کارکردن بە گروپ ئەنجامەکەی سەرکەوتنە:



بەیەکەوە کارکردن بۆ پاراستنی ژینگە



بەیەکەوە کارکردن ئەنجامەکەی سەرکەوتنە



کارکردن بە گروپ زۆر باشترە بۆ بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان



بەیەکەوە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

# بەشی چوارەم / بەهاکان (بەها کۆمەڵایەتییەکان)

## یەکەی

١ هاوکاریکردن

٢ بەشداریکردن

٣ گونجان

٤ داهێنان

### زاراوە

- ئەفراندن
- تەبایی
- سازان
- نوێکردنەوە
- دۆزینەوە

ماوەی جێبەجێکردن

| | |
|---|---|
| ژمارەی هەفتە | ٤ |
| ژمارەی بەشەوانە | ٨ |



٦٤

## ئامانجی بەش

١- فێری بنەماکانی هاوکاریکردن دەبێت.

٢- لە گرنگیی چەمکی هاوکاریی تێدەگات.

٣- دەزانێت بەشداریکردن لە بوارەکانی ژیاندا گرنگە.

٤- کار بۆ گونجان و تەبابوون دەکات.

٥- بیر لە داهێنان و کاری داهێنەرانە دەکاتەوە.

٦- جیاوازی لە نێوان داهێنان و دۆزینەوە دەکات.

## یەکەی یەکەم هاوکاریکردن

### بیرۆکەی سەرەکی

هاوکاریی شێوازێکی یارمەتیدانە، کە خەڵک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو پێشکەش بە یەکتری دەکەن، بەمەش دوورە لە خۆپەرستی، چونکە بەرژەوەندی لە هاوکاری بۆ کۆمەڵ دەبێت نەک بۆ خودی تاک، هاوکاریی جیاوازە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی یارمەتی، بەوەی کارێکی هاوبەشە هەردوو لایەن تێدا بەخشندەن، هەروەها کارێکە بێ چاوەڕوانی بەرامبەر.

### چالاکیی ناو پۆل ١

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت بە چەند خاڵێک باس لە گرنگیی هاوکاریکردن لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بکەن.

### چالاکیی ناو پۆل ٢

ئایا هاوکاریکردن تەنها لە نێوان مرۆڤەکاندا یاخود لە نێوان بوونەوەرەکانی تریشدا هەیە؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

### ئایا دەزانی؟

هاوکاریی هێزی کۆمەڵگە و یەکگرتوویيەتی.

## لەبیرت بێت

بە مەبەستی گرنگیدان بە خوێندنەوە و گەشەپێدانی کتێبخانەی قوتابخانە، پێویستە قوتابیان و مامۆستایان بەردەوام هاوکاریی کتێبخانەی قوتابخانە بە تایبەتی بە هێنانی کتێب و سەرچاوەکانی زانیاریدا بکەن.



## بەهێزکردنی زانیاری

**جۆر و شێوازەکانی هاوکاری**

١ – هاوکاریی ناڕاستەوخۆ: پزیشک و دارتاش و ئاسنگەر، کار بۆ بەدەستهێنانی پارە، لە پێناو بەخێوکردنی خێزانەکانیان دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا خزمەت بە کۆمەڵگە دەگەیەنن و یارمەتی خەڵک دەدەن بۆ ڕایکردنی کاروباریان. ئەم هاوکارییەش نەبێت، کۆمەڵگە پێشناکەوێت و گەشە ناکات، ئەم جۆرە هاوکارییەش پێویستی دەیسەپێنێت، و بەردەوامیش دەبێت تا ژیان بەردەوام بێت.

٢ – هاوکاریی ڕاستەوخۆ: ئەو هاوکارییەیە، کە کۆششی چەند کەسێک بە ویستی خۆیان یەک دەخەن، بۆ جێبەجێکردنی کارێک سوودی بۆ هەموویان هەبێت، وەک نموونە هاوکاربوون بۆ خاوێنکردنەوەی گەڕەک و شەقام.

## چالاکیی ماڵەوە ١

بە یەکەوە لەگەڵ بەخێوکارەکەت (دایک و باوک، هەر کەسێکیتر)، گفتۆگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن دەکرێت وەکو خێزان هاوکاریی قوتابخانە بکرێت؟ بە شەش دێر ئەم بابەتە ڕوون بکەوە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

چوار دێر لە هۆنراوەی یەکێک لە شاعیرانی کوردستان یاخود جیهان لەسەر هاوکاریکردن بنووسە دواتر لە ناو پۆل بۆ قوتابیانی بخوێنەوە.

KOICA
Korea International Cooperation Agency

### ئاژانسی کۆریا بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی

دەزگەیەکی حکومییە لە کۆریای باشوور بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە، بە ئامانجی پێشکەشکردن و بەخشینی ئەو یارمەتییانەی کۆریا لە سەر ئاستی جیهان پێشکەشیان دەکات، ئەم ئاژانسە ٢٧ نووسینگەی لە دەرەوە هەیە و خزمەتی ٥٠ وڵات دەکات.

## شیدەکەمەوە و فێردەبم

به هاوکاریی مامۆستای بابەت مانای ئەم وێنانە شیبکەرەوە:



لەبەرچی مرۆڤەکان هاوکاریی یەکتر دەکەن؟




لەبەرچی پێویستە لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان هاوکاریی یەکتر بکەن؟



لەبەرچی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هاوکاریی یەکتر دەکەن؟



ئامانج لە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟

# یەکەی دووەم بەشداریکردن

## بیرۆکەی سەرەکی

بەشداریکردن بریتییە لە کۆمەڵێ چالاکیی کە هاووڵاتی چ وەکو تاک یان بە گروپ بەشداری تێدا دەکەن. بەشداربوونی هاووڵاتیان لە چالاکیی گشتیی لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییدا، بەشداریکردن لە ژیانی گشتیی لە چەندین ڕێگەی جۆربەجۆرەوە دەبێت.

بۆ بەشداریکردن لە ژیانی گشتیی پێویستە ڕێز لە بەها و باوەڕی کەسانی دیکە بگیرێت و بیروڕای خۆت بدەی، تەنیا پەیوەست نەبێت بە بۆچوونی خۆت.

## چالاکیی ناو پۆل ١

بەشداریکردن لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی قوتابخانە ماف و ئەرکە. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم دەستەواژەیە بکەن.

## چالاکیی ناو پۆل ٢

بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن لە پۆل لیژنەی ژینگە دروست بکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکەن لە پاکوخاوێن ڕاگرتنی ژینگەی پۆل؟

## ئایا دەزانی؟

لەکاتی بەشداریکردنمان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانە هەست بە خۆشیی دەکەین.

## له بیرت بێت

لـه سـاڵی ١٩٦٦ نەتـەوە یەكگرتـووەكان بەشداریكردن لـە هەڵبـژاردن بەبـێ جیاوازیـی نەتەوەیـی و ڕەگەزیـی و ئاییـنـی، بـە شـێوەی نهێنـی و بـە ئـازادی وەكـو بنەمـای دیموكراسـی لـە چوارچێـوەی یاسـایی نێـو دەوڵەتـی، دانـاوە.

## بەهێزكردنی زانیاری

شێوەكانی بەشداریكردن لە چالاكییە گشتییەكان:

**چالاكیی ڕۆشنبیری**

بەشداریكردن لـە چالاكییەكانی وەكو كۆڕ و كۆبوونـەوە و كتێبخانـە و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگـەی مەدەنـی تایبـەت بـە بـواری ڕۆشـنبیری.

**چالاكیی كۆمەڵایەتی**

بەشداریكردن لـە چالاكییەكانی وەكو گەشت و دیدەوانـی، كۆمەڵـەی خوێنبەخشین و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگـەی مەدەنـی تایبەتـە بـە بـواری كۆمەڵایەتـی.

**چالاكیی ژینگەیی**

بەشداریكردن لـە چالاكییەكانی وەكو دروستكردنی تیمی ژینگەپارێزی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگـەی مەدەنـی تایبـەت بە بـواری ژینگە.

**چالاكیی سیاسی**

بەشـداریكردن لــە چالاكییەكانــی وەكــو هەڵبژاردنەكانــی پەرلەمانــی قوتابخانــە و ڕێكخراوەكانــی تایبــەت بــە قوتابیــان.

**بەشداربوون یارمەتی تاكەكان دەدات بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو كێشانەی لە كۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن**

## چالاکیی ماڵەوە ١

بـە بەشـداریکردن لـە پەیڕەوکردنـی ڕێنماییەکانـی هاتوچـۆ گیانمـان پارێـزراو دەبێـت، بـە سـوود وەرگرتـن لـە تـۆڕی ئینتەرنێـت، بـە پێنـج دێـر لەسـەر ئـەم بابەتـە بنووسـە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

جوگرافیـا و مێـژووی سیاسـی کوردسـتان واهەڵکەوتـوو دوژمنێکـی زۆری هەبێـت. بـۆ ئـەوەی بتوانیـن و بەشـداربین لـە پاراسـتنی ئارامـی و ئاسایشـی کوردسـتان پێویسـتە چـی بکەیـن؟ بـە هاوکاریـی کەسـێک لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت، بـە پێنـچ خـاڵ ئەرکـی تاکـی کوردسـتان بنووسـە بـۆ پاراسـتنی ئارامـی و ئاسایشـی کوردسـتان.



### بزووتنەوەی نێودەوڵەتی خاچ ومانگی سوور

گەورەتریـن تـۆڕی مرۆڤدۆسـتانەیە لـە جیهانـدا، ئەرکـی کەمکردنـەوەی ئـازاری مـرۆڤ و پاراسـتنی ژیـان و تەندروسـتییان، و ڕیزگرتـن لە شـکۆی مـرۆڤ بەتایبەتیش لە کاتـی ناکۆکی چەکداری ،و دۆخی نائاسـایی دیکـە، لە هەموو وڵاتێـک هەیـە و ملیۆنەهـا خۆبەخـش پاڵپشـتی دەکـەن.

بەشداربوون یارمەتیدەری دەسەڵاتی خۆجێی و شارەوانییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان

## شیدەکەمەوە و فێردەبم

هەریەک لەم وێنانەی خوارەوە گوزارشت لە چ جۆرێکی بەشداریکردن دەکات؟



بەشداریکردن بە هێنانی کتێب و سەرچاوە بۆ کتێبخانە



بەشداریکردن لە ئارامی و ئاسایشی وڵات



بەشداریکردن لە چالاکییە هونەرییەکانی قوتابخانە



بەشداریکردن لە پاراستنی ژینگە

## یەکەی سێیەم گونجان

### بیرۆکەی سەرەکی

مـرۆڤ بـە سروشت بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە حـەز بـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی و دروسـتکردنی هاوڕێیەتـی دەکات لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەری و ئـەو ژینگـەی تێیـدا دەژیـت، بـەم شـێوەیە مـرۆڤ دەتوانێت بابەتیانـە لەگـەڵ خـودی خـۆی و کەسـانی دەوروبـەری بگونجێـت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی هاوسـەنگی لـە ژیانیـدا، تـاک لـەم کاتـەدا هەسـت بـە بەختـەوەری و دڵنیایـی دەروونـی دەکات.

### چالاكیی ناو پۆل ١

مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی گونجانـی کۆمەڵایەتـی بـە دەسـت بهێنـی بـەردەوام هەوڵـی تێکەڵاوبـوون دەدات لەگـەڵ کەسـانی تـر، چونکـە هەسـت دەکات ئـەو پێویسـتی بـە کەسـانی دەوروبـەری هەیـە، هەروەهـا ئەوانیـش پێویسـتیان بـەو هەیـە. بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتۆگـۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە بکـەن.

### چالاكیی ناو پۆل ٢

کاتێـک مـرۆڤ بـە تەنیـا دەژیـت دوور لـە کەسـانی تـر، پێدەگوترێـت گۆشـەگیر، ئـەم گۆشـەگیرییە وای لێـدەکات نەتوانێـت گونجـان لەگـەڵ خـودی خـۆی و کەسـانیتر بـکات، بـە هاوکاریـی مامۆسـتا بابـەت گفتوگـۆ لەسـەر ڕێگـە چارەسـەری مرۆڤـی گۆشـەگیر بکـەن.

### ئایا دەزانی؟

گونجان لەگەڵ خود واتە تۆ کەسێکی هاوسەنگ و بە ئاگای.

**گونجان بناغەی پەیوەندیی سەرکەوتووە**

## له بیرت بێت

**گونجان دوو جۆری هەیە:**

١- گونجانی خود: واتا بەڕێوەبردنی سۆز و هەستەکان بە شێوازیکی ئەرێنی داهێنەرانە.

٢- گونجانی کۆمەڵایەتی: بریتییە لەو توانایيەی تاک هەیەتی بۆ گونجان لەگەڵ کەسانی تری دەوروبەری، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە بکات.

## بەهێزکردنی زانیاری

چۆنیەتی گونجان لەگەڵ کەسانیتر:

١ خۆت دەناسییت بەبێ زێدەڕۆیی خودی خۆیی لە شوێنی شیاو دادەنێت.

٢ خۆشەویستی ولێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە تێگەیشتنی هەڵە.

٣ خزمەتگوزاری، واتا دەستپێشخەربیت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتی بۆ کەسانی دیکە بێ چاوەڕوانی سوپاسگوزارییان.

٤ زانینی کێشەکانی خەڵک و تێگەیشتنیان بە تایبەتی کێشەی دەروونی، و مامەڵکردن لەگەڵ خەڵک لە سەر بنەمای ڕەچاوکردنی ئەو کێشانە.

٥ خۆپاراستن لە قسەکردن، واتا دەبێت زۆر گوێ بگری و کەم قسە بکەیت.

٦ دوورکەوتنەوە لەو گفتوگۆیەی دەبێتە مایەی ئاڵۆزی و دەگاتە ئاستی دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە.

**گونجان لەگەڵ خود خۆشەویستی خود دێنێتە بەرهەم**

## چالاکیی ماڵەوە ١

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان زۆرینـەی خەڵکیـان بـە خۆیانـەوە سـەرقاڵ کـردووە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی هاوسـۆزیی مرۆیـی و زینـدووی نێوانـی خەڵکـی تێکبچێت و تواناکانـی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی پەکبخـات و تاکـی خودپەسـەند بەرهـەم بهێنـن. بـە هاوکاریـی ئەندامانـی خێزانەکـەت بـە شـەش خـاڵ دیـاری بکـە پێویسـتە چـۆن تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە شـێوەی دروسـت بەکاربهێنیـن؟

## چالاکیی ماڵەوە ٢

لـە هەرێمـی کوردسـتان چەنـد نەتـەوە و ئایینزایـەک هـەن، بەبـێ کێشـە بەیەکـەوە دەژیـن، چـۆن دەتوانیـن زیاتـر پـەرە بـەم بەیەکـەوە ژیانـە بدەیـن؟ بـە سـوود وەرگرتـن لـە تـۆڕی ئینتەرنێـت و هاوکاریـی ئەندامانـی خێزانەکـەت بـە چەنـد خاڵێـک لەسـەر ئـەم بابـەت بنووسـە.




### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان توانـا دەدەنـە بەکارهێنـەر هـەرکات ویسـتیان هەڵوێسـت و ڕوانینەکانیـان دەرببـڕن، بـەڵام وەک دەروونناسـان دەڵێـن سـەرچاوەی چەندین گرفتـی دەروونـی و کۆمەڵایەتیـن، لەوانـەش گۆشـەگیری.

**گونجان لەگەڵ کەسانی دی بە گونجان لەگەڵ خود دەستپێدەکات**

## شیدەکەمەوە و فێردەبم

له ڕێگەی ئەم وێنانەی خوارەوە باشترین ڕێگەی گونجان لەگەڵ خود شیدەکەمەوە و فێردەبم:



بڕیارنەدانی پێشوەخت لە سەر ڕووخسار و ناوەڕۆک



ئەنجامدانی هەندێک چالاکیی ڕۆشنبیرانە و چی پەسەند، لەلای مرۆڤ



لە ڕەخنەگرتن لە خۆت زۆر توند مەبە



بەهۆی ئەوکێشانەی لە ژیان، لە کارکەت یان لە نێوان خێزان دووچاریان دەبێت گلەیی لە خوت مەکە

# یەکەی چوارەم داهێنان

## بیرۆکەی سەرەکی

داهێنـان بـەوە پێناسـە دەکرێـت، کـە توانـای هێنانـە دی شـتێکی نوێیـە لـە هـەر بوارێـک بێـت لـە بوارەکانـی زانسـت، یـا هونـەر یـان ژیـان بـە شـێوەیەکی گشـتی. هەروەهـا دەکرێـت ڕێگەکانـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ شـتە ئاسـاییەکان بـە شـێوازێکی نامـۆ وەک داهێنـان دابنرێـت. خەیاڵکردنـی بیرۆکـە و ڕێگـە کۆنـەکان و تێکهەڵکێشـکردنی بـۆ گەیشـتن بـە ئەنجامێکـی نـوێ، لـە چوارچێـوەی داهێنـان دادەنرێـت. بەگشـتیی داهێنـان تاکەکەسـییە، ئەمـەش کـە پەیوەسـتە بـە هونـەر یـان ئەفراندنـە زانسـتییەکان، بـەڵام دەکرێـت کارێکـی داهێنـەر لـە ڕێگـەی بەشـداریکردنی بەکۆمەڵـدا بێتـە بەرهـەم. وەک چالاکییـە ژینگەپارێزییـەکان.

## چالاکیی ناو پۆل ١

چـۆن دەتوانیـن یارمەتـی و پشـتگیری کەسـی داهێنـەر بکەیـن بـۆ ئـەوەی هانـی بدەیـن بـەردەوام بێت لەسـەر کاری داهێنەرانـە؟ ئـەم بابەتـە بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت گفتوگـۆی بکـەن.

## چالاکیی ناو پۆل ٢

ئۆتۆمبێـل یەکێکـە لـە داهێنانـە گرنگەکانـی مێـژووی مرۆڤایەتـی، بـەڵام شـێوازی بەکارهێنانـی لەلایـەن مرۆڤەکانـەوە وا دەکات ئـەم داهێنانـە چەنـد سـوود بەخـش بێـت؟ ئـەم بابەتـە بـە هاوکاریـی مامۆسـتای بابـەت، گفتۆگـۆ بکـەن.

## ئایا دەزانی؟

باوەڕ بەخۆبوون زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تاک بتوانێت داهێنان بکات.

## له بیرت بێت

زۆربەی ئەوانەی سەرکەوتوو و داهێنەرن ، ئەوانەن کاتی خۆیان ڕێکدەخەن و کاتی زیاد تەرخان دەکەن بۆ گەشەپێدانی کارامەیی و وروژاندنی مێشکیان، چونکە کات گرنگە لە بووژاندنەوەی تاک و کۆمەڵ، داهاتووش بۆ ئەو کەسەیە، کە کات بەفیڕۆنادات و سوودی لێوەردەگرێت بۆ پەڕاندنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

## بەهێزکردنی زانیاری

### جیاوازیی لە نێوان داهێنان و دۆزینەوە

| داهێنان | دۆزینەوە |
|---|---|
| ١. دۆزینەوەی بیرۆکەیەکی نائاسایی و نوێیە | ١- جێبەجێکردنی بیرۆکەکە بەشێوەیەکی نائاسایی |
| ٢. داهێنان لە مێشکەوە سەرچاوە دەگرێت | ٢- دۆزینەوە لە کردارەکانی بەرهەمهێنان دروست دەبێت |
| ٣. گرانە ڕێژەی سەرکەوتنی پێوانە بکرێت | ٣- دەتوانرێ ڕێژەی دۆزینەوەکە و ڕێژەی سەرکەوتنی لە بەرهەمەکە دیاری بکرێت. |
| ٤. لەئەنجامی بیرۆکەی نوێ لەدایک دەبێت | ٤- دۆزینەوەی هەر شتومەکێکی نوێ لە واقیعدا نوێیە وەک شتومەک لەبازاڕ یان حزمەتگوزاری. |

## چالاکیی ماڵەوە ١

جیاوازیی لە نێوان کەسی داهێنەر و کەسی ئاسایی چییە؟ بە سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت و کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، بە سێ خاڵ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.

## چالاکیی ماڵەوە ٢

بە یارمەتیی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت بە سوود وەرگرتن لە تۆڕی ئینتەرنێت بە شەش دێر لەسەر کەسێکی داهێنەری جیهانی بنووسە.

### نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢١ ی نیسانی هەموو ساڵێکی، وەک ڕۆژی جیهانی داهێنان جاڕدا، بۆ زیادکردنی هۆشیاری بە ڕۆڵی داهێنان، لە چارەسەرکردنی کێشەکان و گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گەشەسەندنی بەردەوام.

## شیدەکەمەوە و فێردەبم

مەرج نیە هەموو داهێنانێک سوودی هەبێت، چونکە سوودەکانی پەیوەندارە بە شێوازی بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەکانەوە.



مۆبایل



ئۆتۆمبێل



تانگ (دەبابە)



(مووشەک)


بۆ دوارۆژی خۆت
یەکێک لەم دوو
جیهانە هەڵبژێرە

تا بیرکردنەوە و باوەڕمان نەگۆڕێت
ژینگە و ژیانمان ناگۆڕێت



# پارێزگاری لە ڕێژەی ڤیتامین (د) لە جەستەدا بکە..

## تەندروستیت جێگەی بایەخمانە




**سەرچاوەی ڤیتامین (د):**

- بەرکەوتنی تیشکی خۆر.
- خواردنەوەی شیر.
- خواردنی ماسی، کەرە، پەنیر ،هێلکە و قارچک.
- خواردنی چەند جۆرێکی میوە.

**ڤیتامین (د) بە ڤیتامین خۆر ناودەبرێت**


زیادکردنی ڤیتامین (د) لە ڕێگەی تیشکی خۆر
زیادکردنی ڤیتامین (د) لەڕێگەی وەرگرتنی دەرمان
تۆ خاوەن بڕیاری


ڕەفتاری
شیاو
شوفێر بە قسەکردن سەرقاڵ مەکە!

# هێماکانی هاتوچۆ



سوڕانەوە



ڕاستە و ڕاست یان
لادان بە لای چەپدا



ڕاستە و ڕاست یان
لادان بە لای ڕاستدا



لادان بۆ لای ڕاست
و چەپ



لادان بۆ لای چەپ



لادان بۆ لای ڕاست



تەنیا ڕاستە و ڕاست
بۆ پێشەوە



تەنیا بۆ لای
دەستە ڕاست



تەنیا بۆ لای
دەستە چەپ

لە پێناوی سەلامەتی خۆمان
پشتێنی دڵنیایی بەکار دەهێنین

# سوودەکانی خوێندنەوە

- زانایی
- پایەداربوون
- ئاسوودەیی
- هاندەری مێشکە
- فراوانبوونی زمانەوانی
- باشترکردنی بیر
- پەرەسەندنی بیرکردنەوە
- دڵەڕاوکێ کەمدەکاتەوە
- کارامەیی نووسین باشتر دەکات



## چەند بخوێنین ئەوەندە پایەدارتر دەبین



## خوێندنەوە ئاست بەرزی کۆمەڵگەیە



قوتابی خۆشەویست:
لە خوێندنەوە مەوەستە، لە هەر کات و شوێنێك بوو بخوێنەوە



# ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام



١ نەهێشتنی هەژاری

٢ نەهێشتنی برسێتی

٣ تەندروستی باش و خۆشگوزەرانی

٤ فێرکردن بەشێوەیەکی باش

٥ یەکسانی ڕەگەزی

٦ ئاوی پاك و پاکوخاوێنی

٧ وزەی پاك و هەرزان

٨ کاری ڕێکوپێك و گەشەی ئابوری

٩ پیشەسازی، داهێنان، ژێرخان

١٠ سنوردارکردنی شێوازەکانی نایەکسانی

١١ شارو کۆمەڵگە بەردەوامیپێدراوەکان

١٢ بەکاربردنی بەرپرسانە، بەرهەمهێنان

١٣ ڕێوشوێنەکان بۆ گۆڕانی کەش وهەوا

١٤ ژیان لە ژێرئاودا

١٥ ژیان لەسەر وشکانی

١٦ ئاشتی و دادوەری و دامەزراوەی بەهێز

١٧ هاوبەشیکردن بۆ ئامانجەکان

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام

## ١٠
## ئامانجی دەیەم
## سنووردارکردنی شێوازکانی نایەکسانی

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت چارەسەری نایەکسانی داهات بکات بە ڕێکوپێککردن و چاودێریکردنی بازاڕ و دامەزراوە داراییەکان و هاندانی هاریکاری پەرەپێدان و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و ئاسانکردنی کۆچکردن و جولەیەکی سەلامەت بۆ خەڵک تا ساڵی ٢٠٣٠.

## ١١
## ئامانجی یازدەیەم
## شارو کۆمەڵگە بەردەوامی پێدراوەکان

ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت لە ڕێگەی حکومەتی نیشتیمانی و شارەکان لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ نیشتەجێکردنی دانیشتوانی ناوچە هەژارە نشینەکان لە شوێنی سەلامەتو بەردەوامیپێدان بە شارەکان تا ساڵی ٢٠٣٠.

unicef

ئەم پرۆگرامە بە سپۆنسەری

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( یونیسێف ) ئامادەکراوە